www.kurdistannet.org
25-10-2006 7:57بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

# جەژنت پیرۆز ... کانی هەڵەبجەیی

هەر لێرەوە تا ژورەکەت
پڕ بە دڵم من پێت دەڵێم
هەزار جار جەژنت پیرۆز بێ
من تەمەنم بۆ کردوی بە جەژنانە
بەڵام بمبوورە گەرچی کورتە
یان گشت ڕۆژگارێکی بێ ڕەنگ بێ
لەگەڵ خەمی هاوڕێما شەوی عارفە
چەن هۆنراوەیەکت بۆ ئەچنم هەر بۆ جەژنانە
هیواخوازم بە دڵت بێ
ئەم هۆنراوەیەم بۆ ئەوە نوسی
تا سوپاسی جەژنانەکەی تۆ بکەم
ئەسرینی زۆرت نارد بۆ چاوم... دەستت خۆش بێ
هەر لەگەڵ بانگی جەژنا
فرمێسك دەست لە ملانی کردم
خەمیش ئەپاڕایەوە ئاگام لێی بێ
دڵم ووتی قەینا بگری
لەبەر ئەوەی لای ئەوەوە بە جەژنانە بۆت هاتوە
ئەبێت چەن بە ئازاریشە لات شیرین بێ
ئەمویست بۆ ڕۆحم واتای جەژنانە شی کەمەوە
کەچی ووتی تا ئەو جەژنەی دوو ووشەی سەر زاری بۆم وەڵام بێ
من هەر ئەبێ بپرسم
ئاخۆ جەژنانە چی بێ
خۆشمو دڵمو ڕۆحم سەد جاری دی
دوبارەی ئەکەینەوە
یاخوا جەژنت پیرۆز بێ

هۆڵندا